خەبات | www.xebat.net
دوو شەممە 2017/7/17 ژمارە (5309)
Email: hawarmurtkaee@yahoo.com – 07504475407 :بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش
وەرزش 14



# ڕۆناڵدۆ بۆ گەشتەکەی ئەمریکا نیگەران بوو

یاریزانی پورتوگالی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لەگەشتی یانەی ریال مەدرید بۆ ئەمریکا دوورخرایەوە، کە هێشتا ناوبراو لەناو پشووی هاوینەدایە، دوای بەشداریکردنی لەگەڵ هەڵبژاردەکەی پورتوگال لەخولی جامی کیشوەرەکانی 2017کە لەناوەڕاستی مانگی رابردوو کۆتایی هات. هەروەها ڕۆناڵدۆ لەمەشقەکانی دووشەممەی رابردووش لەگەڵ ریال نەبیندرا کە لەشاری وەرزشی (ڤالدیبیباس) ئەنجامدرا، کە یاریزانان پشکنینی پزیشکیان بەر لەگەشتکردن بۆ ئەمریکا بۆیان ئەنجامدا. بڕیاروایە ڕۆناڵدۆ لە 2ی ئابی داهاتوو بگەڕێتەوە ریزی یانەکەی بۆ ئامادەکارییەکانی وەرزی داهاتوو بەتایبەتی جامی سوپەری ئەوروپا بەرامبەر یانەی مان یونایتدی ئینگلیزی کە لە 8ی هەمان مانگ ئەنجام دەدرێت. ڕۆناڵدۆ لەبڕیاری جێهێشتنی یانەی ریال مەدرید لەگواستنەوەکانی ئەم هاوینە پاشگەز بۆوە کە مقۆمقۆیەکی زۆری خستە ناو شەقامی وەرزشی سەبارەت بەداهاتووی، بەهۆی کێشەی باج لە ئیسپانیا، کە دادگای ئیسپانی بەوە تاوانباری کردبوو، بەبڕی 15ملیۆن یۆرۆ سزادرابوو. بەڵام لەدوای کۆتایی هاتنی جامی کیشوەرەکان و دەرچوونی پورتوگال لەقۆناغی پێش کۆتایی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەنێوان پیرێزی سەرۆکی ریال و ڕۆناڵدۆ ئەنجامدراو رازیکرا کە لەبڕیارەکەی پاشگەز بێتەوە.

– زێدان 26یاریزان بۆ گەشتی ئەمریکا بانگهێشت دەکات

ڕاهێنەری فەرەنسی زینەدین زێدان لەیانەی ریال مەدرید بانگهێشتی 26یاریزانی کردووە بۆ ئەوەی بەشداری گەشتەکەی و سەربازگەی مەشقی ئامادەکاریی تیپەکەی بکەن بۆ وەرزی داهاتوو. کە تیایدا یاریزانی هێڵی ناوەڕاست جیمس ڕۆدریگزی کۆڵۆمبی لەم گەشتەی شاهانە لەساتەکانی کۆتایی دوورخرایەوە، دوای ئەوەی بۆندی خواستنی لەگەڵ یانەی بایرن میونخ کۆتایی هات کە بۆ ماوەی 2وەرز لەگەڵیان بەردەوام دەبێت. بڕیارە بەرگریکار و سەرکردەی ریال مەدرید سێرگیۆ رامۆس ئەمڕۆ پەیوەندی بە تیپەکەی بکاتەوە، دوای کۆتایی هاتنی پشووی هاوینە.

– لیستی 26یاریزانییەکەی زێدان بۆ گەشتەکەی ئەمریکا بەمشێوەیە بوو:

گۆڵچی: کیلۆر ناڤاس، کاسیا، ڕۆبین بانیز، لۆکا

– بەرگریکاران: کارڤاخال، ڤاران، ناچۆ، مارسیلۆ، تیۆ هێرناندیز، دانیلۆ، تیخیرۆ، هێرناندۆ، کۆیزادا، ئەشرەف

– هێڵی ناوەڕاست: تۆنی کرۆس، کاسیمیرۆ، مۆدریچ، ئیسکۆ، کۆڤاسیچ، ئۆسکار، فرانکۆ

– هێڵی هێرشبردن: کەریم بنزیما، گاریس بێڵ، ئەلڤارۆ مۆراتا، لۆکاس ڤاسکێز، دانی گۆمێز نەبەز روستایی

## دوای 45ساڵ فۆلکسڤاگن چاودێری هەڵبژاردەی ئەڵمانیای وەردەگرێتەوە

کۆمەڵەی فۆلکڤاگن بۆ دروستکردنی ئۆتۆمبێل لە بڵاوکراوەیەکی هەینی رابردوو رایگەیاند کە بۆتە کۆمپانیای چاودێری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لەجیاتی رکابەرەکەی مارسیدس، کە ماوەی 45ساڵی رابردوو ئەم ئەرکەی پێ سپێرردرابوو. گەورەترین کۆمەڵی ئەوروپا بۆدروستکردنی ئۆتۆمبێل، فۆلکسڤاگن دەڵێت، بۆندی چاودێری هەڵبژاردەی ئەڵمانیای بۆ ماوەی 5ساڵ واژۆکردووە، کە تا ساڵی 2019بەردەوام دەبێت. هەڵبژاردەی ئەڵمانیا خەریکی خۆ ئامادەکردنە بۆ بەشداریکردن لەمۆندیالی 2018 رووسیا، دوای ئەوەی لەم هاوینە جامی کیشوەرەکانی بەدەستهێنا.



# دزیکۆ گۆڵکەری وەرزی رابردووی ئەوروپایە



**بارزان ئەکرەم**

ئیدین دزیکۆی بۆسنی ,هێرشبەرەکەی رۆمای ئیتالی ,سەرووی ریزبەندی گۆڵکارانی خولەکانی ئەوروپای گرتووە بۆ وەرزی رابردوو لە تۆمارکردنی گۆڵ بە قاچی پێچەوانە ,بەسەر گۆڵکەرە گەورەکانی جیهاندا سەرکەوتووە ,لەوانە لیۆنێل مێسی و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ, لێرەدا ریزبەندی گۆڵکەرانی وەروی رابردوو بە قاچی پێچەوانە دەخەینە روو.

1- ئیدین دزیکۆ رۆمای ئیتالی22 , گۆڵی بە قاچی راست و 13گۆڵی بە قاچی چەپ تۆمارکردووە

2-بێر ئۆبامیانگ ,برۆسیادۆرتمۆندی ئەلمانی 20 ,گۆڵ بە قاچی راست و 11 گۆڵ بە قاچی چەپ تۆمارکردووە.

3-رۆبەرت لێڤاندۆڤسکی ,بایەرمیونشن, 25گۆڵ بە قاچی راست و 9گۆڵی بە قاچی چەپ تۆمارکردووە.

4- لویس سوارێز ,بارسێلۆنا 27 ,گۆڵ بە قاچی راست و 7گۆڵی بە قاچی چەپ تۆمار کردووە.

5- دێریس مارتینز ,ناپۆلی 26 ,گۆڵ بە قاچی راست و 7گۆڵ بە قاچی چەپ تۆمارکردووە.

6- گۆنزالۆ هیگواین ,یۆڤێنتۆس25 , گۆڵ بە قاچی راست و 7گۆڵ بە قاچی چەپ تۆمارکردووە.

7- هاری کێن ,تۆتێنهام 25 ,گۆڵ بە قاچی راست و 7گۆڵ بە قاچی چەپ تۆمارکردووە.

8- رۆمێلۆ لۆکاکۆ ,ئێڤەرتۆن 12 ,گۆڵی بە قاچی چەپ و 7کۆلیشی بە قاچی راست تۆمارکردووە.

9- لیونێل مێسی ,بارسێلۆنا 46 ,گۆڵ بە قاچی چەپ و 6گۆڵ بە قاچی راست تۆمارکردووە.

10- کریستیانۆ ڕۆنالدۆ ,ریال مەدرید, 28گۆڵ بە قاچی راست و 6گۆڵ بە قاچی چەپ تۆمارکردووە.




# گرانترین پێکهاتەی جیهان لەمێژوودا

دوای ئەوەی یانەی مان سیتی یاریزانی باڵی چەپ کایل وۆکەریان کڕی، چووە ریزی گرانترین یاریزانانی مێژووی تۆپی پێ، کە لەهەینی رابردوو ریزی یانەی تۆتنهامی لەبەرژەوەندی یانەی مان سیتی لەبری 50ملیۆن پاوەند جێهێشت. بەمەش وۆکەر بووە گرانترین بەرگریکار و ژمارەی جۆن ستۆنزی هاوڕێی لەمان سیتی کە لەهاوینی رابردوو لەبری 47.5ملیۆن پاوەند یانەی ئێڤرتۆنی جێهێشت تێپەڕاند. ئەستێرەی فەرەنسی پۆل بۆگبا لەیانەی مان یونایتد پێشەنگی گرانترین پێکهاتەی جیهانی گرتووە بە 93.2ملیۆن پاوەند کە لەهاوینی رابردوو یانەی یۆڤنتۆسی جێهێشت.

– گرانترین پێکهاتەی جیهانیش بەمشێوەی خوارەوەیە

گۆڵچی: ئیدرسۆن/مان سیتی

بەرگری: لۆک شۆ/مان یونایتد، کایل وۆکەر و جۆن ستۆنز/مان سیتی، دێڤید لویز/چێلسی

هێڵی ناوەڕاست: دی ماریا/پاریس سانت جێرمان، پۆل بۆگبا/مان سیتی، گاریس بێڵ و جێمس رۆدریگێز/ریال مەدرید

هێڵی هێرشبردن: ڕۆناڵدۆ/ریال مەدرید، گۆنزالۆ هیگواین/یۆڤنتۆس